حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢٥٤) لە ٢٠٢٤/٥/٢٩

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمـوارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەنجومەنی وەزیران وەک کارئاسانیی بۆ ئەو هاووڵاتییانەی کە سوودمەند بوون لە وەرگرتنی قەرزی بچووک لە ساڵانی پێشوودا، و ئاماژە بە کۆبوونـەوەی ئەنجومـەنی وەزیران ژمارە (١٣١) لە ٢٠٢٤/٥/٢٩، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. لێخۆشبوون لە ڕێژەی (٢٠%) لە سەدا بیست لە کۆی گشتیی بەرکەوتەکانی قەرزی نەگەڕاوە لە چوارچێوەی پڕۆژەکانی پێدانی قەرزی بچووک.

٢. ڕاسپاردنی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ بەدواداچوونی دۆسیەی ئەو سوودمەندانەی قەرزی بچووک کە پڕۆژەکانیان سەرکەوتوو نەبووە بە هۆکاری بەدەر لە ویست و ئیرادەی خۆیان، بۆ ئەوەی دواتر بڕیاری پێویستیان لەبارەوە بدرێت.

٣. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی بڕگەی (١)ی ئەم بڕیارە دەردەکات.

٤. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**